# تـــــۆ وەک ئەتێئیست

## چۆن بیر دەکەیتەوە؟

وەڵامی هەندێ پرسیار بدەمەوە. ئەو پرسیارانە بە کوردی بە پیتی لاتینی نووسرابوون، بۆ ماڵپەڕی دوارۆژ هاتبوون. من هەست دەکەم پرسیاری زۆر دەکرێ دەربارەی مرۆڤی ئەتێئیست (مرۆڤێک کە باوەڕی بەبوونی خودا نییە!). منیش پرسیارەکان کورت دەکەمە و وەڵامەکەشیان دەدەمەوە. هەر هاوڕێیەکی ئەتێئیست ئەگەر ویستی دەتوانێ وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە. خۆشحاڵ دەبم، بەتایبەت ئەگەر وەلامەکان بۆ ئێمە بینەوە!

### ئەتیئیست کێیە؟

ئەتێئیست کەسێکە کە باوەڕی بە هەبوونی هیچ خودایەک نییە. هیچ خودایەک. هیچ خودایەک!
ئەتێئیسم، هیچ شتێک زیاتر نییە لەوەی کە مرۆڤ باوەڕ ناکات بە بوونی خودا. ئەتێئیسم باوەڕ نەکردنە. باوەڕنەکردن بە خودا. باوەڕ نەکردن بە بوونی خودا.

### بۆچیی باوەڕ بەبوونی خودا ناکەی؟

ئەگەر لە کەسێکی موسوڵمان بپرسیت بۆچی باوەڕت بە دینی زەردەشت و خودای زەردەشت نییە؟ ئەوە لەوانەیە بڵێ هیچ بەڵگە نییە، هیچ ڕاستیەک لە دینی زەردەشتدا نییە. منیش هەمان وەڵام دەدەمەوە، هیچ بەڵگەیەک نییە بۆ بوونی خودا، ئەوەندەی ئەلەکترۆنێک، شتێک لە ئارادا نییە بۆ سەلماندنی بوونی خودا.
دەزانی ئەوەندەی لە کتێبە دینییەکان باسی کوشتن و برین کراوە ئەوەندە باسی خۆشەویستی ڕێزگرتن لە مرۆڤایەتی نەکراوە. ئەوانەی پڕ بە ئاقڵی خۆیان پێیان وایە دینەکان باسی کوشتن ناکەن، ئەوانە نەیانتوانیوە لە ناوەرۆکی کتێبە دینییەکان تێبگەن.

### ئەی بۆچی دەژی و چۆن دەژی کە باوەڕت بە خودا نییە؟

ژیان پەیوەندی بە باوەڕەوە نییە. باوەڕ خۆراک نییە بۆ پێداویستی ژیانی من. خوداش بە هەمان شێو نان و ئاو نییە، من نەتوانم بەبێی بژیم. ژیانی من وەک ژیانی هەر مرۆڤێک وایە، من کە دەژیم بۆ ئامانجێکی تایبەتی ناژیم. زۆر لە باوەڕداران بەو هۆی ئەو باوەڕەی خۆیانەوە پێیان وایە ئەم ژیانەی ئێستایان بۆ مەبەستێکی تایبەتە، تاقیکردنەوەی ژیانە و خۆ ئامادەکردنە بۆ ژیانی دوای مردن.

من باوەڕ بە ژیانی دوای مردن ناکەم، بەڵام مرۆڤێکی باشم، ڕێزی مرۆڤ دەگرم، ژن و پیاو لای من یەکسانن . کاتێک هەواڵی خۆش دەبیستم دڵم خۆشە، کاتێکیش هەواڵی ناخۆش دەبیستم دڵم ناخۆش دەبێ.

## ئایە باوەڕ بە چیی دەکەی وەک ئەتێئیست؟

ئەتێئیست، باوەڕکردنی من نییە، بەڵام باوەڕنەکردنی منە. من باوەڕ بەخودا ناکەم. من پێم وایە مرۆڤ خۆی دەتوانێ ژیانێکی خۆش بۆ خۆی دابین بکات، وەک مرۆڤ بژی، نەک کۆیلە، بە خیال بژی، ڕۆژی (٥) جار نوێژ بکات، ئەو هەموو کاتە پڕبایەخەی خۆی بەفیڕۆبدات، بێ ئەوەی هیچ قازانجێکی هەبێ، نە بۆ خۆی و نە بۆ کۆمەڵگاکەشی.

## ئایە ئەگەر خودا هەبوو، لە دوای مردن ئەوکات چیی دەکەی؟

من دڵنیام کە خودا نییە، بۆیە ئەتێئیستم، من لە کۆمەڵگایەک هاتووم کە زۆرینەی خەڵکی موسوڵمانن، دوای بیرکردنەوەی زۆر، دوای خوێندنەوەی زۆر، دوای لێکۆڵینەوەی مێشکی من کرایە، ئەو پرسیارانەی لە مێشکی مندا کۆببوونەوە، توانیومە تا ڕادەیەکی زۆر وەڵامیان بدەمەوە. کە مردی دەمری، کەس زیندوت ناکاتەوە، بە هەشت و جەهەندەمیش نابینی. کە مردی، ئیدی تەواو. بەڵام زۆر خۆشە مرۆڤ کە مرد وەک مرۆڤ بمرێ، من کە مردم بە دڵخۆشی دەمرم، چوونکە هەست دەکەم وەک زۆرینەی مرۆڤ بە نەزانی نامرم. دەشزانم کە هیچ خودایەک نییە، من هەرچەندی گوێم لە پیاوانی دینی گرت، زیاتر بۆم دەرکەوت کە درۆم لەگەڵ کراوە، هەر چەند زیاتر خوێندمەوە زیاتر تێگەیشتم لە فێڵی مەلا، من هەر چەند زیاتر خوێندمەوە زیاتر بۆم دەرکەوت کە هیچ قسەیەکی ڕاست لە قورئانی عەرەبدا نییە، کە بە ئێمە گوتراوە لەلایەن خوداوە هاتووە، بە زۆر پیرۆزکراوە، لە کاتێکدا هیچ شتێکی تێدا نییە کە لەگەڵ ئەقڵی ئەم چەرخە نوێیەدا بێتەوە و بگونجێ. من خۆم بە بەختەوەر دەزانم چوونکە من دوورم لەو تاوانانەی بەنێوی خوداوە دەکرێن، من و هاوبیرانی من دوورین لەو کوشتوکوشتارەی ڕۆژانە بەنێوی خوداوە دەکرێن، ڕۆژ نییە گۆمی خوێن بۆ خودا دروست نەکرێ. لە هەمانکاتیشدا زۆر ناخۆشە کە دەبینم خەڵکی دەکوژرێن، ژنان و کچان لێرە و لەوێ ڕۆژانە دەکوژرێن، لاشەی بێگیانی مرۆڤ لە لارێی کوچە و خیابانەکان دەدۆزرێنەوە.

مرۆڤی ئەتێئیست، ئەو مرۆڤانەی دوای لێکۆڵینەوە، ویژدانیان ڕێگەیان پێنادات بە خواپەرستی بمێننەوە، دەبنە ئەتێئیست، ئەو کەسانە نموونەی ڕەوشتبەرزی مرۆڤن. ئەو کەسانە خاوەنی ویژدانن.

## ئەی تۆ چۆن دەڕوانیتە ڕەوشت؟

ڕەوشت، من ڕەوشت وەک پەیڕەویکردنی مرۆڤ نابینم لەو یاسایانەی لە کتێبە دینییەکان هاتوون. هیچ مرۆڤێک پێویستی بە خودا نییە بۆ ئەوەی مرۆڤێکی بەڕەوشت بێ. پێناسەی ڕەوشت لە زیندەوەرێکەوە بۆ زیندەوەرێک دەگۆڕدرێ، لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێک، لە کلتورێکەوە بۆ کولتورێک دەگۆڕدرێ.

بۆ وێنە، من کاتێک ١١ ساڵان بووم، لە کوردستان قوتابی بووم، ڕۆژێک هاوڕێیەکم، خوێنی لە لوتی دەهات. مامۆستاکەمان ناوی ئازاد بوو. هاوڕێیەکەم دەستی بەرزکردەوە و گوتی (ئازاد خوێن لە لوتم دێ!) مامۆستا ئازاد توڕەبوو، هاتە پێشە و بە دەنگی بەرز و گڕ و توڕە، پێ گووت: (بێ ڕەوشت، بێ تەربیتی چڵکن، لە ماڵەوە فێری ڕەوشتیان نەکردووی کە ڕێزی مامۆستا بگریت، بڵێ مامۆستا ئازاد، مامۆستا ئازاد!) مامۆستا ئازاد لەو کاتەی قسەکانی دەکردن بە شوڵەدارێک دەیکێشا بە دەستی هاوڕێکەم. دوای تەمێکردنێکی باش، مامۆستا ئازاد ئارام بۆوە، دووبارە بە دەنگێکی نەرمتر گوتی: (بڵێ مامۆستا ئازاد، کوڕی خۆم، دەبرۆ لوتت بشۆرەوە). لە کوردستان هەندێ جار شتێکی بچووک وەک ڕەوشتی باشی مرۆڤ دێتە سەیرکردن. لە کاتێکدا لە وڵاتی نۆروێژ، هیچ پێویست ناکات، پێشگرێک بڵێی وەک هێمایەک بۆ ڕەوشتبەرزی. ئەگەر کەسێک ناوی گوستاڤ بێ، ئەوە پێویست ناکات پێی بڵێی **مامۆستا** گوستاڤ. تەنها گوستاڤ بەسە و ئەوەش هیچ ڕەوشتبەرزی و نزمی ناگەیەنێ.

لە ڕوانگەی دینەکانی ئیبراهیم، دینی جولەکە و مەسیحی و ئیسلام، مرۆڤ هەمووی نەوەی ئادەم و حەوان. ئەوەش وای کردووە لە کوردەواریدا کاتێک پیاوێک قسە دەکات بۆ ژن بڵێ خوشکم، ئەگەرچی ئەو ژنە منداڵی دایکی و باوکیشی نەبێ. هەروەها دەبیستین کە دەوترێ خوشکان و برایان، بێ ئەوەی ئەوانەی ئێمە بە خوشک و برای خۆمان ناویان دەبەین بە ڕاستی خوشک و برای ئێمە بن.
خوشکی من لای منی ئەتێئیست ئەو کەسەیە کە لە باوکم یان لە دایکم یان لە هەردووکیان بێت، کەسێک کە بە ڕاستی خوشکم نەبێ، ناتوانم بە خوشک ناوی بێنم. کەسێ برام نەبێ، ناتوانم پێی بڵێم برام.

هەندێ کردەوەی دزێو هەن، وەک دزی و تاڵانی کردن، مرۆڤ کوشتن، بوختانکردن، ئەزیەتدانی زیندەوەران و هەڕەشەکردن. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەوانە ئاماژەی ڕەوشتنزمی مرۆڤن، بەڵام تەنها لای ئێمە. لەوانەیە لە کۆمەڵگایەکدا ئەزیەتدانی زیندەوەران هێمای ئازایەتی و بەجەرگی مرۆڤ بێ!

من ڕەوشت بەوە دەزانم کە مرۆڤ ڕاستگۆ بێ، ویژدانی هەبێ، بوختان نەکات، کە بەڵێنی دا خاوەنی بەڵێنی خۆی بێ. بەڵام دووبارە پێویستە بزانرێ، ئەتێئیست بوون پێناسەیەک نییە بۆ ڕەوشتبەرزی و ڕەوشتنزمی مرۆڤ. ئەوە تەنها خودا پەرستانن کە پێیان وایە ئەو مرۆڤەی خوداپەرست نەبێ ڕەوشتی نییە.
بیرکردنەوەی خواپەرستان وایە، ئەگەر خودا بلێ دزی مەکەن، ئەوە دزیکردن دەبێتە ڕەفتارێکی ناشیرین، هەرکەسێکیش دزی بکات وەک کەسێکی ڕەوشتنزم لە کۆمەڵگا چاوی لێدەکرێ و سزاش دەدرێ. دزی کردن لای خواپەرستەکان بە تاوان سەیردەکرێ. ئەگەر خودا بڵێ تاڵانی بکەن، ئەوە تاڵانی حەڵاڵ دەکرێ، مرۆڤی دز و تاڵانچی هیچ کاتێک سزا نادرێ کەسیش پێی ناڵێ ڕەوشتنزم. ئەگەر مرۆڤ کوشتن حەڵاڵ بکرێ، مرۆڤ کوشتنیش هیچ کاتێک نابێتە هێمایەک بۆ ڕەوشتنزمی مرۆڤ.

بیرکردنەوە ئەتێئیستەکان وەهایە. من وەک ئەتێئیست خۆم دەزانم چیی باشە چۆن باشە. مرۆڤی ئەتێئیست دەڵێ من پێویستیم بە خودا نییە بۆ ئەوەی پێم بڵێ دزی مەکە. من پێویستیم بە خودا نییە بۆ ئەوەی پێم بڵێ مرۆڤ مەکوژە، خۆم دەزانم مرۆڤ کوشتن باش نییە، نەک مرۆڤ ئارەزووم نییە زیندەوەرێکی وەک مێرووولەیەکیش بکوژم.
پێت وایە مرۆڤ ئەوەندە مێشکی نییە، بۆ ئەوەی بزانێ چاکە و خەراپە چییە؟ من خۆم چاک دەزانم چاکە و خەراپە چییە! سروشتی من وایە دەزانم دزی کردن باش نییە، بۆیە دزیکردن بە تاوان دەزانم.

خۆم ئەگەر شتێکم هەبێ و کەسێک لێمی بسرێنێ، پێم ناخۆشە و غەمبار دەبم. بۆیە منیش ئەگەر شتێ لە کەسێ بستێنم، ئەوە خاوەنەکی پێی ناخۆشە و وەک من غەمبار دەبێ. بۆ ئەوەی هیچمان دڵمان ناخۆش نەبێ، پێویست ناکات کەسمان ئەو کارە بکات.
مرۆڤی ئەتێئیست کە خەراپە ناکات و خۆی دەپارێزێ لە کردەوەی خەراپ، لە ترسی خودا نییە، بۆ بەهەشت نییە و لە ترسی جەهەندەمیش نییە. کە مرۆڤ خۆی باش بێ لە سروشتەوە، ئەوە شتێکی باشە! بەڵام من وەک ئەتێئیست، بۆ کەسێک کە ناتوانی وەک من بژی، بە تاوانی نازانم! ئێمە مرۆڤین، زۆر سروشتییە ئەگەر مرۆڤی بێت و بڵێ ئەوەی لای تۆ ڕەوشتبەرزییە لای من ڕەوشتنزمییە!
خواپەرستەکان پێیان وایە ئەوەی باوەڕی بە بوونی خودا نەبوو دەبێتە مرۆڤێکی سەرلێشێواو. ئەوەش پڕۆپاگەندەیەکی ناڕاستی ئەو کەسانەن کە دین بۆتە هۆی پەیداکردنی داهاتی ژیانی ڕۆژانەیان. من کە باوەڕ بە بوونی خودا ناکەم هەرگیز لە ژیانی خۆمدا هیچ جۆرە دەرمانێکی هۆشبەرم تاقی نەکردۆتەوە، ئەلکوهولیشم پێناکەوێ. سیگاریش ناکێشم و بە

دووکەڵەکەشی دەکەومە کۆخە و تەنگەنەفەس دەبم. بەڵام مرۆڤ چیی دەخوات و چۆن دەخوات، لای من پەیوەندی بە ڕەوشتبەرزییەوە نییە! خواپەرستان هەڵەن ئەگەر بڵێن ئەوانەی ئەتێئیستن سەرگەردانن، ئاگایان لە خۆیان نییە!

من بەهۆی باوەڕنەکردنم بە خودا فێری زۆر شت بووم. ئێستا کە باوەڕ بە خودا ناکەم، باوەڕ بە بوونی جندۆکە و خێویش ناکەم. من ئێستا هەست بە بوونی خۆم دەکەم، من هەست دەکەم باوەڕنەکردنم بۆتە هۆی ئەوەی لە ژیانێکی خۆشتردا بژیم. ئێستا من ڕاستگۆترم لە جاران. تەنها پەشیمانی من ئەوەیە کە دەبوو زووتر گەیشتبامایە ئەو ڕاستیانە.

## ئایە تۆ دەڵێی هەموو ئەوانەی باوەڕ بەخودا دەکەن هەڵەن، چۆن دەیسەلمێنی خودا نییە!

بەڵێ هەڵەن، زۆریش هەڵەن. با بۆت باس بکەم.
ئەگەر ڕۆژێک کابرایەکی نەناسراو بەکراس و شاڵوارێکی دڕاو، بە پێی خاوسی و بە سەرێکی ئاڵۆز و دەموچاوێکی نەشۆردراوی چڵکن بێتە لای تۆ، داوات لێبکات کە تۆ خانوەکەی خۆتی بدەیتێ، لە بەرابەر ئەو چاکە و پیاوەتییەدا، ئەو کابرایە ئیدیعا دەکات کە کۆشکێکی زێڕی هەیە لە شوێنێکدا پەنایداوە و کەس نازانێ لە کوێیە، تەنها خۆی نەبێ.
ئەو پیاوە دەڵێی ئەگەر من مردم ئەوە لە نامەیەکدا کە دوای مردنم بەجێی دێڵم، شوێن، جێگەی کۆشکی لە زێڕ دروستکراوت بۆ دەنووسم، تۆش دەبیتە خاوەن کۆشکە زێڕەکە.
ئایە تۆ نا کەویتە گومان و نا پرسیت ئەگەر ئەو پیاوە خۆی خاوەنی کۆشکێکی زێڕە بۆچی داوای خانوەکەی من دەکات؟ کراس و شالواری دڕاو، چڵکنی و سەری ئاڵۆزی نابێتە هۆی گومان دروستکردن لە ڕاستی و ناڕاستی ئەو پیاوە؟
تۆش وەک هەر مرۆڤێک دەکەویتە گومان و پرسیار دەکەیت!
پرسیار لە پیاوەکە دەکەیت و دەڵێی: ئەگەر ڕاست دەکەیت وەرە کۆشکی لە زێڕ دروستکراوەکەتم نیشانبدە.
کابرای چڵکن دەڵێ: پێویست ناکات من کۆشکی خۆم، نیشانی تۆم بدەم، تۆ ئەگەر ڕاست دەکەی بیسەلمێنە کە من خاوەنی کۆشکە زێڕەکە نیم.

تۆی خوێنەر، خۆت بزانە کامیان دەبێ بیسەلمێنێ کە ئەو کۆشکە زێڕە بوونی هەیە یان نییە!
ئایە لەسەر تۆی بێباوەڕە، کە باوەڕت بە بوونی کۆشکەکە نییە، نەبوونی بسەلمێنی؟
ئایە بە ڕاستی ئەرکی ئەو پیاوە چڵکنە نییە کە هەبوونی کۆشکە زێڕەکە بسەلمێنێ؟
بێگومان پیاوی چڵکنی دەموچاو نەشۆردراو کە پڕۆپاگەندەی هەبوونی کۆشکەکە دەکات دەبێ بیسەلمێنێ کە کۆشکە زێڕینەکە بوونی هەیە!

سەلماندنی بوونی خودا دەکەوێتە سەر شانی ئەو کەسانەی پڕۆپاگەندەی بوونی دەکەن. مرۆڤێکی ئەتێئیست هیچ وەختێک ناڵێ خودا هەیە، بۆیە داواکردن لە مرۆڤێکی ئەتێئیست بۆ سەلماندن و نەسلماندن زۆر بێ مانایە. مرۆڤ بۆیە ئەتێئیستە چوونکە ناتوانرێ بوونی خودا بسەلمێنرێ.

ئەگەر باوەڕدارێک بێت و بوونی خودا بسەلمێنێ ئەوە هیچ مرۆڤێک بێباوەڕ نابێ، ئەگەر بوونی خودا بسەلمێنرابایە ئەوە مرۆڤی وەک من و تۆ نەدەکەویتە پرسیار کردن. پرسیاکردن بۆ زانینی وەڵامی پرسیارێکە. کاتێک مرۆڤێکی ئەتێئیست پرسیار دەکات لە مرۆڤێکی باوەڕدار کە بوونی ئەو خوایە بسەلێنێ کە خواپەرست باوەڕی پێی هەیە، زۆر پرسیارێکی تەواوە و لە جێگەی خۆیەتی.

کاتێک ئەلبێرت ئەنیشتیان، گەورە زانای فیزیا و بیرکاری لێکۆڵینەوەی کرد لە گۆڕینی وزەی خۆر بۆ وزەی ئێلێکتریکی، خۆی  لێکۆڵینەوەکانی وەک تێئۆری خستە کارپێکردن، دوای ئاشکرا بوو هەم تێئۆری هەمیش لە پڕاکتیزەدا دەتوانرێ تیشکی خۆر بگۆڕدرێ بۆ وزەی ئێلێکتریکی.  ناوبراو خەلات کرا. ئەگەر ئەلبێرت نەیتوانیبایە بیرۆکەکانی خۆی لە تاقیگەدا بسەلمێنێ کەس باوەڕی پێ نەدەکرد و خەلاتیشیان نەدەکرد.

گرنگ نییە چەند مرۆڤ باوەڕ بە خودا دەکەن.  گرنگ تۆی، تۆ گرنگی وەک مرۆڤ. ڕابردوو ڕابورد، ئێستا گرنگە کە تۆ چیی! لەوانەیە زۆر لە ئێمە ڕۆژێک لە ڕۆژان باوەڕمان بە خودا هەبووبێ، بەڵام ئەقڵی مرۆڤ شایەنی گۆڕانە، هەتا مرۆڤ توانای وەرگرتنی زانیاری هەبێ، هەتا مرۆڤ توانای تێگەیشتنی هەبێ ئەوە مرۆڤ توانای گۆڕانکاری هەیە.

لە هیندستان ملیۆنان خەڵک مشک دەپەرستن، گا دەپەرستن، لە نێپاڵ کچەخوداوەند هەیە، کچێکی بچووک دەپەرستن. بە هەزاران دکتۆر و زانای  فیزک و کیمیاش هەیە لەنێو ئەوانەی مشک دەپەرستن. پێشتر وتارێک دەربارەی مشک پەرستان لە دوارۆژی، کوردە ئەتێئیستەکانی هاوپشتی چەپی سەربەخۆ بلاوکرابۆوە، بە نێوی (مشک، خوای گەورەی ملیۆنان کەس، مشک خوای گەورەی هەزاران دکتۆر و زانا) ئەو کورتە نووسینە بخوێنەوە و بەراوردێک لە نێوان خودای خۆت و خودای ئەوان بکە!

## مشک، خوای گەورەی ملیۆنان کەس، مشک خوای گەورەی هەزاران دکتۆر و زانا!



ئەگەر لای مشک پەرستەکان خودایەکی ئەوان، مشکێکی خاوەن شکۆی بەڕێز، مشک خودای گەورەی ئەوان بکوژی ئەوە بە ساغی قورتارت نابێ.

قوڕ بەسەری ئەوەی مشکێ بکەوێتە بەر لاقی و بی فلیقێنێتەوە. چارە نییە، مشک خودای گەورەیە و تەنها دەبێ پەنا بۆ خودای گەورە بەرین.

یا مشکی گەورە پەنامان بدەی، یا مشکی گەورە دەغڵی ئەمساڵمان ئاو بدەی، یا مشکی خاوەنی ڕۆژی قیامەت و سوڕی لە دایکبوونەوە، بارانمان بۆ ببارێنی. یا مشک، خاوەنی نیرڤانا، خودای ڕاستەقینە، بمانخەیتە نیرڤانا، بەهەشتی خۆت. ئەی مشک، خاوەنی زەوی و ئاسمانەکان تۆ ڕێگە نیشاندەری موکشها و نیرڤانەی.

نیرڤانا و موکشا، بەهەشتن، کۆتایی هاتنە بە سوڕی لە دایکبوونەوە لەم دنیایە، گەیشتنەوە و تێکەڵ بوونەوەی ڕوحە لە گەڵ براهمان.

ئایە پێت وایە هەموو ئەوانەی مشک دەپەرستن گێل و نەزانن تەنها تۆ نەبێ؟
خۆت پێ زانا ترە لە مشک خودای گەورە و خاوەنی موکشها؟
ئەی کێ تۆی دروست کردوە؟
ئەی کێ ئەو گەردونە جوانەی دروست کردوە؟
تۆ ئەم گەردونەت بینیوە، بڕۆ تەماشاکە ملیاردەها ئەستێرە دەبینی، کە خودای گەورە مشک خالقی نەبێ کێ خالقیەتی؟!
خوای گەورە مشک خۆی دانایە و خالق و ئاگاداری هەموو شتێکە.
خودا هەر خودایە، جیاوازی خودای تۆ و خودای هەزاران دکتۆر و زانا چییە؟

ئەگەر هاوڕێیەکی ئەتێئیست ویستی وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، لە خوارەوە پرسیارەکان هەیە!
ئەوە بۆچوونی منە وەک کەسێکی ئەتێئیست. بەڵام هەموو هاوڕێیەکی ئەتێئیست بۆچوونی وەک من نییە. بەجۆرێکی جیاواز بیردەکاتەوە. لە ئەتێئیسمدا کەس بەنێوی کەسەوە قسە ناکات.

١- ئەتێئیست کێیە؟

٢- بۆچیی باوەڕ بەبوونی خودا ناکەی؟

٣- ئەی بۆچی دەژی و چۆن دەژی کە باوەڕت بە خودا نییە؟

٤- ئایە باوەڕ بە چیی دەکەی وەک ئەتێئیست؟

٥- ئایە ئەگەر خودا هەبوو، لە دوای مردن ئەوکات چیی دەکەی؟

٦- ئەی تۆ چۆن دەڕوانیتە ڕەوشت؟

٧- ئایە تۆ دەڵێی هەموو ئەوانەی باوەڕ بەخودا دەکەن هەڵەن، چۆن دەیسەلمێنی خودا نییە!

٨- مشک، خوای گەورەی ملیۆنان کەس، مشک خوای گەورەی هەزاران دکتۆر و زانا!

وەڵامی پرسیارەکان زریـــــــــان (هەنگوین فرۆش)

دوارۆژی کوردە ئەتێئیستەکانی هاوپشتی چەپی سەربەخۆ!

١٩ی ٣ی ٢٠٠٩